## ئەرکەکانی ئایین لە سەر زەویدا

تەوژمی ڕەخنەگرتن لەئایین ،لەمڕۆدا،تەوژمێکی بەهێزو نائاساییە،کەمنین ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و ماڵپەڕانە کە ڕۆژانە بابەتی ڕەخنەئامێز لەسەر ڕۆڵی ئایین بڵاودەکەنەوە،کەمنین ئەو نوسەرو پێنوسانەی کەخۆیان تەرخانکردووە کردووە بۆ نوسین لەسەر ئەم بابەتە. دەرکەوتنی ئەم شەپۆل و تەوژمە بەرفراوانەی ڕەخنەگرتنە نائاساییە لە ئایین وەک تەوژمی ئاوی پەنگ خواردووی ژێرزەوی وایە کە ماوەیەکی دووروودرێژ بۆ کەلێنێک دەگەڕێت تا دەرپەڕێتە دەرەوە هەربۆیەئەبینین پرسیارەکان هەربەتەنها پرسیاری ئەمڕۆنین و تەمەنیان درێژترە. چونکە لە مێژبوو پرسیارو گومان و تێڕامانەکانی مرۆڤ لە مەڕ ئایین سەرکوت دەکراو پرسیارەکان لە ناخی خاوەنەکانیاندا پەنگی دەخواردەوە یان لەگەڵ خاوەنەکانیاندا دەچوونە ژێرِ زەوی یان بەدەمی تیژی شمشێرێک دەبرانە ژێرزەوی.

لەم پرۆسەی ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەدا(کەدیارە من لە بەهایان کەمناکەمەوە) کەمیان دەست بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی چینایەتی ئایین دەبەن، لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینەوە تا ئێستا ،ڕەخنەکان کەمتر لە سەر ڕۆڵی ئایینە لە یەکەم مەڵبەندی دەرکەوتنیەوە(زەوی)و ئەرکەکانیەتی لە سەر زەوی بەڵکو زیاتر ڕەخنەگرتنە لەسەر جێگاوڕێگای ئاسمانی ئایین و ڕاست بوون و نەبوونیەتی .

گومان لەوەدا نییە کە(ترس) بەیەکەم لانەی پەروەردەبوون و گەشەسەندنی ئایین دەژمێردرێت لەژیانی مرۆڤایەتیدا،ترس یەکەم خانەیە کە ئایین سوڕی ژیان و نەشونماکردنی خۆیی تیابەسەربردووە(ترس لەسروشت و هێزەکانی ،ترس لە دیاردە سروشتییەکان وەک بوومەلەرزە لافاو، هەورەبروسکە،زریان،خۆری گەرم ،دڕندەکێویەکان،باڵدارەزیانبەخشەکان.........هتد)و نەبوونی لێکدانەوەی ڕۆشن بۆ ئەم هێزو دیاردانە کەئەوسا(ئێستاش هەندێکیان)لەسەرووی دەسەڵاتی مرۆڤەوەبوون و بۆ مرۆڤ کۆنترۆڵ نەدەکران و مرۆڤ بۆ هێورکردنەوەی نەفرەت و توڕەیی ئەم هێزانەو دەسکەوتنی بەزەیی زیاتر لێیان بەناچار پەنایدەبردەبەر کڕنوشبردن و پەرستنیان.

ئەم مێژووی کڕنوشبردن و بێتواناییە ی مرۆڤ بۆ لێکدانەوەو ناسینی هۆیەکانی ئەم دیاردانە چەندین هەزار ساڵ درێژەیکێشاوەو لە درێژەی ئەو ڕەوەندەدا،ئەو هێزە پڕتواناو هەندێکجار کاولکارانە پەرستتراون و بۆ زیاتر لە نزیکەوە نیشاندانی ئەم پەرستن و کڕنوشبردنە ،مرۆڤ لە ماڵەکەی خۆیداو لە بەرد وێنەی بۆ ئەم خوایانە داتاشیوە بە مەبەستی دەسکەوتنی ئومێد بۆ گۆڕینی ژیان ،ئومێد بۆ خۆپاراستن لە کاولکاری ،لەوێوە خواکانی(باران،خۆر،زریان،مشک،گای هار...........)دروستبوون.

ئەمڕۆش سەرەڕای تێپەڕبوونی چەند هەزار ساڵ بە سەر ئەم مێژووی یەکەم دەرکەوتنەدا ،سەرەڕای سەرهەڵدانی 3 ئایینی تەوحیدی (یەهودیەت ،مەسیحیەت،ئیسلام) هێشتا ئەکرێت بە ئاسانی دەرک بەو کلتورو شێوازو فاکتەرانەی سەردەمی بتپەرستی بکەین،هێشتا ئەکرێت هۆیەکانی پەرستن و سەرهەڵدانی یەکەم ئایین (ترس)بەئاسانی لەمڕۆشدا هەست پێبکەین.

هەر ئێستاش: ترس لەزیندانەکانا

ترس لە بەردەم پەتی سێدارەکانا

ترس لە کوشتن،لە مەیدانی گووللەبارانەکانا

ترس لە کاتی ڕووداوە سروشتییەکاناو بەدەربوونی ئەم ڕووداوانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ ...............هەستی ئایینی دروست ئەکات و وەک خانەیەک بۆ نەشونماکردنی ئەم هەستە دەور ئەگێڕێت و تەنانەت شێوازو کلتورەکانی پەرستن ،لەسەردەمی دەرکەوتنی یەکەم ئاییندا ،لەمڕۆشدا هەر درێژەی هەیە: پەرستن و ماچکردنی مەرقەدو گومەزییە دروستکراوەکان،کێلەکان،کڕنوشبردن و ماچکردنی بەردی کەعبەو(1) بەردەبارانکردنی شەیتان لە مەراسیمی حەجکردنداو.........هتد.

ئایینەکان کە لە سەرەتادا لەسەر زەوی سەوزبوون وچەکەرەیان کرد هەر لەسەر زەویشدا وەزیفەی چینایەتییان بۆ دەستنیشانکرا،ترس کە وەک سەرپۆشێک درابوو بەسەر ئەم خوا بتییانەدا بۆ شاردنەوەی حەقیقەتیان،لەلایەن چینەدەسەڵاتدارەکانیشەوە وەزیفەی چینایەتی کرایە ژێر سەرپۆشەکەدا،واتە کاری ئایین لەپاڵ ترساندن و تۆقاندندا بوو بە کارێکی چینایەتی وپەیامەکەی بوو بە پەیامێکی چینایەتی و لەوێشەوە پشتگیریکردن لە ئایین و سەپاندنی بە سەر کۆمەڵگادا بوو بەکاری چینە دەسەڵاتدارەکان لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆش.

ئەرکی چینایەتی ئایین بوو بە:

*دروستکردنی ئومێد لای مرۆڤی بێبەش و برسی بۆ دەسکەوتنی نان ،لای ژنی ستەمدیدە بۆ کۆتایی پێهێنانی مەینەتییەکانی،لای کۆیلەی دەست وقاچ لە کەلەپچەدابوو بۆ پچڕانی زنجیرەکانی دەست و قاچی، لەڕێگەی کڕنوشبردن و پاڕانەوەوە نەک گۆڕینی یاساکانی برسیکردنی مرۆڤ و بەرهەمهێنانەوەی برسیەتی و بێبەشی،نەک لابردنی قامچییەکانی سەر پشتی ژنانی ستەمدیدە، نەک دەرکردنی کلیلەکانی گیرفانی (ئەبوو سوفیانی خاوەنی کۆیلە!) بۆ کردنەوەی زنجیرەکانی دەست و قاچی کۆیلە.

*کپکردنەوەی نەفرەت و نارەزایەتی مرۆڤی برسی لەبرسیەتی ،ستەمدیدە لەستەم،کۆیلە لە کۆیلایەتی.......نەک دەربڕینی نەفرەت و نارەزایەتی لەدژی ئەو یاساو تایبەتمەندییانە کە برسیەتی و ستەمدیدەیی و کۆیلایەتی کردووەتە واقعێکی تاڵ.

بەڵام دواترو لەپرۆسەیەکی مێژوویی و خەباتکارانەی دوورو درێژدا بێمانایی ئەم ئایین و بتانە دەرکەوت بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەوەی کەبتوانن رۆڵێکیان هەبێت لەکۆتایی پێهێنانی برسیەتی و پچڕاندنی کەلەپچەکاندا،لەوە کەوتن کە بتوانن ئەو نمایشە چینایەتییە بکەن ئەو رۆڵەچینایەتییە بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بگێڕن ،هەربۆیە ئایینەکان و مەرامە چینایەتییەکانی پشتیشیان، کەوتنە بەرنەفرەت و رەخنەو بێزاری خەڵکی برسی و کۆیلەو بێبەش،ئیتر لەوە دەرچوون کە بتوانن لەسەر زەوی درێژە بەدەوری چینایەتی خۆیان بدەن و زەمینەی واقعی خۆیان لە دەست دا،دەبوو هەڵگیردرێن،دەبوو لەنەفرەت و بێزاری خەڵک دوورخرێنەوە تابتوانن درێژە بە وەزیفە چینایەتیەکانیان بدەن،تابتوانن لە شوێنێکی دوورەوە هەمان کاری پێشوویان درێژە پێبدەن.

لێرەوە ئایینەکان جێگایان لەزەویدا نەماو برانە ئاسمان بەڵام وەزیفەکانیان هەمان وەزیفەی پێشووبوو هەر لەزەویدا مایەوە،کاری ئایینەکان کەجێگایان برابووە ئاسمان! هەردرێژەدان بوو بە هەمان کاری پێشوو(ئێستاشی لەگەڵدابێت) واتە توندکردنەوەی کەلەپچەکانی دەست و قاچی برسی لەکاتی هەنگاوناندا بۆ رزگاربوون لەدەست برسیەتی،واتە کپکردنەوەی دەنگی مرۆڤی بەشخوراو لەکاتی دەنگ هەڵبڕین و نارەزایەتیدا بەدژی بەشمەینەتی ،واتە هێورکردنەوەی مرۆڤی تورە دژی هەلومەرجی تاڵی ژیانی ،واتە بە ئەزەلی و ئەبەدی نیشاندانی دونیایەک کەدابەشبووە بەسەر برسی و تێردا،بەسەر داراو نەداردا ودروستکردنی ئومێد بۆ یەکسانی و سڕینەوەی ئەم دابەشبوونە لە دونیایەکی تردا،واتە............هتد.

سەرەڕای ئاڵوگۆڕ لە جێگاوڕێگاو زەمەن و جوغرافیای ئایینەکاندا بەڵام وەزیفەی ئایین وەک هەڵگری پەیامێک و بەرژەوەندییەکی چینایەتی( کەپاراستنی پەیوەندییەئابورییەکانی زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا،کە پاراستنی نیزامی زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا) وەک خۆی دەمێنێتەوەو ماوەتەوە،هەر ئەمەشە بووەتە هۆی درێژەکێشانی تەمەنی ئایینەکان تا ئەمرۆ! <u>نهێنی سەرسورهێنەری شیعرو شانامە خوێندنەوەی ئایین و دەسەڵات بەسەر یەکتریدا لەهەموو قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئالێرەدایە!!</u>

## رەخنەی چینایەتی لە ئایین

ئەوەی من لەم ووتارە کورتەدا مەبەستمە روونیکەمەوە ئەوەیە کە رەخنەی دروست لەئایین رەخنەی چینایەتییەو دەبێت لەشوێنی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئایینەوە دەست پێبکات (واتە سەرزەوی)،بەمانایەکی تر هێنانەوەی ئایین بۆ خاڵی دەست پێکردنی ،بۆ یەکەم خانەی نەشونماکردنی،ئەمەیە کە ئەنگلس دەڵێت(دەبێت کۆمۆنیزم نەبەین بۆ ئاسمان بۆ شەڕکردن لە گەڵ ئایینندا ،بە پێچەوانەوە دەبێت ئایین بێنینەوە بۆ سەر زەوی(2).

هەر رەخنەو نووسینێک لە سەر ئایین ناتوانێت رەخنەیەکی زانستی و کاریگەر بێت تا ئەو کاتەی هەوڵ نەدات قاچی ئایین بداتەوە لەسەر زەوی و هەڵوێستی لەسەر کێشمەکێشە چینایەتی و واقعیەکانی کۆمەڵگا لەسەر زەویدا رۆشن بکاتەوە،کاتێک (ئەرکان)ی(3) کرێکاری کارگە گەچەکانی کفری هەراسان دەبێت لەو پەیوەندی بەرهەمهێنانەی ئەوی بەناچار وەک فرۆشیارێکی تەنیا کاڵایەک کە هەیەتی (هێزی کار) ڕاگرتووە بۆ پەیداکردنی کرێی خانووەکەی ،ئیتر پەیامی (ئارامت هەبێت خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە ئارامیان هەیە! دەبێتە پەیامی چینایەتی خاوەن کارەکەی.کاتێک (ئەرکان)ی کوردو عێراقی! سەرپەنایەک شکنابات،هێندەی درێژی و پانی دەستەباریکەکانی، زەوییەک شکنابات بۆ حەسانەوە،ئیتر پیرۆزی نیشتمان و خۆکوشتن لە پێناویدا ،دەبێتە پەیامی ئەو بەشە لەکوردو عێراقی کە لە ژێر سەرپۆشی ئەم بیروباوەڕە پیرۆزکراوانەدا قازانج دەکەن،نەک ئەرکان.

رەخنەگرتن لە ئایین لە روانگەی (ئەرکان یان هەر بەشمەینەتێک)و بەرژەوەندییەکانییەوە، ناچێتە سەر ئەوەی کە ئەم ئایینە ڕاستە یان نا؟! ناچێتە سەر ئەوەی کە قورئان شیعری (امرو القیس)ە یان بە پێچەوانەوە؟! ناچێتە سەر ئەوەی کە محمد 14 ژنی هەبووە یان 9 ؟! بەڵکو رەخنەگرتن لەو روانگەوە ڕاستەوخۆ دێتەسەر هەڵوێستی ئایین لەو دابەشبوونەی کە (ئەرکان و هاوچینەکانی) وەک کرێگرتەو فرۆشیاری هێزی کار ڕاگرتووەو، خاوەن کۆیلە و کاریش وەک کریار،لەم کێشمەکێشەدا هەڵوێستی ئایین لەسەر دانی کرێیە پێش ووشکبوونەوەی ئارەقی لەشی نەک لە سەر سڕینەوەی دونیایەک ئەوی کردووە بە کۆیلەی کرێگرتە(اعطوا الاجیر اجره قبل ان یجف عرقه)(4)

. قورئان شیعرو پەیامی هەر کەسێک بێت هیچ لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە کە لە سایەی ئەم پەیامەدا چی بەسەر ئازادی بیروڕای جیاواز دێت کە ئەمرۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەک ئۆکسجین پێویستی پێیەتی ؟! محمد چەند ژنی هێنابێت بەو ئەندازەیە بۆ من جێگەی رەخنە نییە کە هەڵوێستی ئایین خۆی لە بەرامبەر دیاردەی چواژنەدا چۆنە،کە ئەمرۆ جێگەی نەفرەت و بێزاری تەواوی ژنانە(بە ژنانی ئیسلامیشەوە)؟!.

**له كۆتاييدا دەڵێم ئەگەر لەم ڕوانگە چينايەتييەوە بڕوانينە جێگاو ڕێگای ئايين ئەو كاتە ئێمە ناكەوينە شەڕی ئايين بەڵكو ئايين دێنينەوە بۆ شەڕێك كە لەسەر زەويدا بوونی هەيە،مرۆڤ شەڕی لەگەڵ ئەو ياسايانەدا هەيە كە لێی بە گيان هاتووە لە سەر زەويدا بەڵام كارو هەڵوێستی ئايين پاراستنی ئەو ياسايانەيە!!**

**گۆران عەلی**

goranmad@hotmail.com

---

**(١ ) له قسەو باسێكدا له گەڵ تەلەفزيۆنی اهرام (نەوال سەعداوی) ماچكردنی كەعبە دەشوبهێنێت بە پاشماوەكانی بتپەرستی،ئيسلامييەكانی ميسر لە سەر ئەم هەڵوێستەی داوای هەڵوەشانەوەی تەڵاقيان لەسەر تۆمار كرد، له مێردەكەی .**

**(٢ ) ئەنگلس (ئەنتی دۆهرينگ)**

**(٣ ) ئەركان: كرێكاری كارگە گەچەكانی كفری كە لە ڕيپۆرتاژێكی تەلەفزيۆنيدا لە كەناڵی كوردسات لە 2005/1/5 دا لە سەر ژيان و گوزەرانی خۆی نارەزايەتی دەرئەبڕی ،شێوازی كاركردن و ئەو ماترياڵانەی كاری پێدەكرد لە هی سەدەكانی ناوەڕاست دەچوو.**

**(٤ ) يەكێكە لە ووتە بە ناوبانگەكانی محمد لە سەر كرێ.**